Fachhochschule Nordwestschweiz
Pädagogische Hochschule

# ESKE
## Evaluation des compétences scolaires en langue première

# KURDE SORANI

## Série de tâches de 7 à 9 ans d’expérience scolaire

Pädagogische Hochschule FHNW 2021 / Haute école pédagogique FHNW 2021

Professur Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter / Chaire de didactique de l’allemand et du plurilinguisme chez l’enfant

**ئـەرکـەکـان ( ڕاهێنانەکان )**




**١ دەقی نوسراوەکە بخوێنەرەوە و وەڵامی پرسیارەکانی بدەرەوە.**

**جیـپـسی پـەتـاتـە**

جیـپـسی پـەتـاتـە بریتیە لە قاشی زۆر تەنکی پەتاتەی لە ڕۆندا سورەوەکراوە. جیـپـسی پـەتـاتـە یەکێکە لە داهێنانە هەرە زۆر باسوخواس لەسەرەکانی سەدەی نۆزدەهەم. گەلێ جیرۆکی جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی کێ بۆ یەکەم جار دایهێناوە و بۆ فرۆشتن خستویەتیە بازارەکانەوە؟ دروستی هیچ کام لەو چیرۆکانە ناتوانرێ بەتەواوی پشتڕاست بکرێنەوە. بە ناوبانگترینیان چیرۆکەکەی چێشلێنەر جۆرج کرومە. لە ٢٤ مانگی ئابی ١٨٥٣دا بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەنی میوانێکی ناڕازی، پەتاتەکەی زۆر بە تەنکی قاش کرد و مزرە خوێ سوری کردنەوە. لە ئەنجامدا میوانە ناڕازییەکە زۆر دڵخۆش و ڕازی و ئاسودە بوو. ئەم جێرۆکە دەشێ ڕوی دابێت، بەڵام ئێمە دەزانین، ڕەنگە چەندین چێشتلێنەری تریش لە ساڵانی هەمان سەدەدا هەمان بیرۆکەیان تاقیکردبێتەوە. بەرهەمی هاوشێوە لە گەلێ پەڕتوکی چێشلێنانی ئەمەریکیدا ئاماژەیان پێ دراوە و لە بەریتانیاش خواردنی لەم بابەتە پەرەیان پێدراوەو بەرهەم هێنراون.
لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا (١٨٩٠) چیپسی پەتاتە بۆ فرۆشتن کەوتە ڕەفەی کۆگاکانی ساغکردنەوەی خواردەمەنیەوە، بەڵام داهێنانی ئامێری سورکردنەوە لە ڕۆندا لە کۆتاکانی ١٩٢٠ کاندا بوە هۆی زیاد بونی ڕاستەقینە و پەرەسەندنی بەرهەم هێنانی چیپسی پەتاتە. ئەو گۆڕانکاریانەی لە دە ساڵی پاشوتردا بەسەر جۆر و شێوەی کیسەکانی هەڵگرتنی چیپسی پەتاتەدا هاتن، ئەوەیان ڕەخساند کە بتوانرێت چیپسی پەتاتە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنە دورەدەستەکانی ئەمریکا و بڵاوبکرێتەوە.
هەرچی لە وڵاتەکانی ئەوروپایە، لە پەنجاکانی سەدەی بیستهەمدا (١٩٥٠کاندا) بەرهەمی چیپسی پەتاتە بۆ فرۆشتن کەوتە بازاڕەکانەوە.

١- مەبەستی نوسەر چیە لەم نوسینە ؟
☐ تا خوێنەر ئاشنابکات بە مێژوی چیپسی پەتاتە.
☐ تا بە نوکتەیەك دڵی خوێنەر خۆش بکات.
☐ تا خوێنەر فێری بەرهەمهێنانی چیپسی پەتاتە بکات.

٢- ئایا زانراوە کێ چیپسی پەتاتەی داهێناوە ؟
☐ بەڵێ جۆرج کروم بوو.
☐ نەخێر، دەشێ چەندین کەسانی تریش بووبێتن.
☐ نەخێر، بەڵام دەزانرێت لە کوێ بەرهەم هێنراوە.

٣- دەزانرێت کەی چیپسی پەتاتە داهێنراوە. ☐ڕاستە ☐هەڵەیە

٤- یەکەم جار لە ئەوروپا دەستکرا بە فرۆشرتنی چیپسی پەتاتە. ☐ڕاستە ☐هەڵەیە

٥- هۆکارەکان زۆرن کە مرۆڤەکان لە سەدەی بیسدا زیارتر چیپسی پەتاتەیان دەخوارد. ☐ڕاستە ☐هەڵەیە




© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٢ ئەمەی لای خوارەوە دەقێکی کورت و چوار خشتەی کەش ناسیە دەربارەی چوار شاری جیاواز. دەقەکە بخوێنەرەوە، سەرنجی نەخشەکان بدە و رونی بکەرەوە چ واتایەك دەبەخشن.

**پلەکانی گەرمی و زریان**

هاوینی هەندێ ناوچەی ئەم جیهانە پڕ بارانە. لە کاتێکدا هاوینی هەندێ ناوچەی ترد باران تێیاندا دەگمەنە. لە هەندێ ناوچە بە درێژایی ساڵ پلەکانی گەرما تا ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕە. لە کاتێکدا لە هەندێ ناوچەی تر جیاوزییەکی زۆر هەیە لە پلەکانی گەرما لە نێوان هاوین و زستاندا، هەر وەك لە وڵاتی سویسرا.
ئەو چوار خشتەیی پیشاندراون هی چوار شارن کە سەر بە چوار کیشوەری جیاوازن و هەریەکەیان کەش وهەوایەکی جیاوزی هەیە. هانۆی لە ڤێتنامە، تونس پایەتەختی تونسە، دوبلین لە ئیرلاند و یاکوتسکیش دەکەوێتە ناوەنی روسیاوە.




وێنەی ١ـ لەم نەخشەیانە کەشدا ڕادەی بارانبارین و پلەکانی گەرما پێکەوە دارێژراون. لەلای چەپ بارانبارین بە میلیمیتەر دەخوێندرێتەوە، پلەکانی گەرماش لەلای ڕاست بە پلەی سەدی پیشاندراون. نەخشەکان ڕێژەی ڕادەی بارانبارین وپلەکانی گەرما لە مانگەکانی یانوارو دیسەمبەردا پیشاندراون.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٣ـ پرسیار دەربارەی بابەتی " پلەی گەرما و بارانبارین" ( ڕاهێنانی ٢)

آ ـ بە پشت بەستن بەو زنیاریانەی ناو دەقە نوسراوەکە و نەخشەکانی ڕاهێنانی ٢ دەسنیشانی ناوی شاری گونجاو بەرامبەر تێکستەکانی ئەم خشتەیەی خوارەوەدا بکە:

| | هانۆی | تونس | دوبلین | جاکوتسک |
|---|---|---|---|---|
| لە درێژایی ساڵێکدا پلەکانی گەرما لە نێوان ٥ پلە تا ١٥ پلەی سەدیدا یاری دەکات. | | | | |
| شارێکە کە لە هاویندا کەمترین ڕێژەی بارانبارین بە خۆیەوە دەبینێ و پلەکانی گەرما تێدا لە مانگی حوزەیرانەوە تا مانگی تشرینی یەکەم دەگەنە ٢٠ پلەی سەدی یان بەرزتریش. | | | | |
| دەشێ باران لە مانگی تشرینی یەکەمەوە تا مانگی نیسان وەك بەفر ببارێت. | | | | |

ب ـ سەرنجی نەخشەی شاری جاکوتسك بدەو خانە چوارگۆشەی بەرامبەر زانیارییە ڕاستەکان نیشان بکە.

کەش لە مانگی تشرینی دوهەمدا لە شاری جاکوتسك بەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| پلەکانی گەرما نزیك لە ( ٠) پلەی سەدی و ریژەی باران دەگاتە ( ٢٠) ملیمەتر. | ☐ |
| پلەکانی گەرما نزیك لە ( ـ ١٠) پلەی سەدی و ریژەی باران دەگاتە ( ٥٠ ) ملیمەتر. | ☐ |
| پلەکانی گەرما لەژێر ( ١٠) پلەی سەدی و ریژەی باران دەگاتە ( ٦٠ ) ملیمەتر. | ☐ |
| پلەکانی گەرما لەسەرو ( ـ ٣٠) پلەی سەدی و ریژەی باران دەگاتە ( ١٥ ) ملیمەتر. | ☐ |

د ـ لە کام شار بڕی بارانبارین و پلەکانی گەرما زۆرترین گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێت بە گوێرەی نەخشەکانی ڕاهێنانی ٢؟ ناوی شاری گونجاو بخەرە بازنەیەکەوە.

بڕی بارانبارین زۆرترین گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێت لە:

| | |
|---|---|
| هانۆی | تونس |
| جاکوتسك | دوبلین |

پلەکانی گەرما زۆرترین گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێت لە:

| | |
|---|---|
| هانۆی | تونس |
| جاکوتسك | دوبلین |



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٤ـ ئەم دوو نامەیەی لای خوارەوە بخوێنەرەوە و بە کورتی بە زارەکی ڕونییکەرەوە باسی چی دەکات.

نامەی ١

**لە باتی شیر ئاو بدەن بە منداڵەکان**

پێدانی شیری مانگا لە قوتابخانەکاندا سروشتی نیە. مرۆڤ تاکە گیان لەبەرە لەسەر ڕوی زەوی کە شیری جۆرێکی تر لە گیان لەبەران دەخواتەوە.
توێژینەوەیەکی زانستی بەرفراوان ڕۆژی ئەم چوارشەممەیە لە ڕۆژنامەیەکی زانستیدا بڵاو کراوەتەوە، تێیدا هاتوە، کە شیری مانگا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیان و باری تەندروستی مرۆڤ. توێژینەوەکە دەریدەخات کە خواردنەوەی شیر مانگا دەشێ ببێتە هۆی ڕێژەی کورتی تەمەن و توشبون بە نەخۆشی ئێسکە نەرمە و شکاندنیان.
شیری مانگا باشنیە نە بۆ تەندروستی هاولاتیان و نە بۆ ژینگەش.
بۆیە کاتی ئەوە هاتوە، کە منالەکانمان لە سەر خوی نوێی تەنروست و هاوڕێ ژینگە ڕابهێنرێن: ئاو بدەن بە منالەکان بۆ شکاندنی تینویەتیان.

هێربەرت میولەر
سەرۆکی ڕێکخراوی " خواردنی تەندروست "

نامەی ٢: وەلام بۆ نامەکەی هێربەرت میولەر

**شیری مانگا گرینگە بەشێك بێت لە ژەمی نیوەڕۆ**

هێربەرت مویلە نایەوێت منالان لە قوتانخانە شیر بخۆنەوە.
ڕێکخراوەکەی ئێمە و نەتەوە یەکگرتوەکان بە پێچەوانەوە لەو بڕوایەدان کە قوتابخانەکان دەبێت شیر بۆ هەموو قوتابییەکانیان فەراهەم بکەن.
شیر لە ٢٢ مادە ١٨ لە مادەخۆراکیە سەرەکیەکان دەگرێتەخۆی، کە ڕۆژانە لەش پێویستیەتی پێیانە و دەبنە هۆی پارستنی قوتابیان لە مەترسی ڕوبەڕوبونەوەی کەم خۆراکی.
توێژینەوە نوێکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە نیشانەکانی کەم خۆراکی لەو قوتابیانەدا بەدەردەکەون، کە لە قوتابخانەکانیاندا شیریان پێ نادرێت.
خانو "ئوڵلا ڕۆزاندەر" شارەزای خۆراك لە زانکۆی کرستیانشتاد لە ولاتی سوید، لێکۆلینەوەیەکی لە سێ قوتابخانەی سویددا بە ئەنجام گەیاند. لە هەر سێ قوتابخانەکاندا هەمان ژەمی خۆراك دەدرا بە قوتابییەکان. تەنها لە یەکێك لەو سێ قوتابخانەیەدا لە پاڵ ژەمە خواردنەکەیاندا شیریش دەدرا بە قوتابییەکان.
دەرئەنجامەکان دەریانخست: ئەو قوتابیانەی بڕێکی کەم خواردنیان بەردەکەوێت یان کاتی کەمیان هەیە و فریا ناکەون تێر بخۆن هەر هەمویان توشی کەمی مادەی کالیسۆم و ڤیتامین ب١٢ و ماگنیسیوم دەبن. بۆیە پێویستە لە سەرجەم قوتابخانەکاندا شیر بە منداڵان بدرێت.

سوزانێ پفیستەر
نوێنەری ڕێکخراوی "پرۆ باوەر"



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٥- بە پشت بەستن بەوناوەڕۆکی هەر دو نامەکەی ڕاهێنانی ٤، وەڵامە ڕاستەکان دەسنیشان بکە:

آ- خاتو " پفیستەر" چۆن گەشتە ئەو بڕوایەی، کە پێویستە منداڵانی قوتابخانەکان شیر بخۆنەوە؟

☐ ئەو منالآنەی شیر دەخۆن، خواردن زۆرتر دەخۆن.
☐ خواردنەوەی شیر ڕێژەی درێژی تەمەن بەرز دەکاتەوە.
☐ شیر گەلێك لە مادە خۆراکیە گرینگەکانی تێدایە.

ب - بۆچی بەڕێز مایەر پێی باشترە منداڵان لە بری شیر ئاو بخۆنەوە؟

☐ ئاو لە شیر هەرزانترە.
☐ ئاو باشترە بۆ ژینگەیە.
☐ ئاو باشتر تینوێتی دەشکێنێ.

پ - بە گوێرەی نامەکان، توێژینەوەکان چیان نیشانداوە:

☐ خواردنەوەی شیر لەهەمانکاتدا قازانج و زیانیشی هەیە.
☐ ژەمە خواردنی قوتابخانەکان بە بێ شیریش مادە خۆراکیە پێویستییەکانی دەبەخشن بە لەش.
☐ خواردنەوەی شیر ئێسکەکان بەهێزتر دەکەن.

ت - خاتو پفیستەر ئەو نامەیەی بۆچی نوسیوە؟

☐ بۆ ئەوەی ڕونی بکاتەوە، کە بۆچی بە بۆچونی ئەو بەڕێز میولەر هەڵەیە.
☐ بۆ ئەوەی دەریبخات کە ئاو دۆستی ژینگەیە.
☐ چونکە نایەوێت قوتابیان کەم بخۆن.

ج - بەڕێز میولەر لەو باوەڕەدایە، کە ڕێژەی درێژی تەمەنی مرڤەکان کەم دەکات بە خواردنەوە شیری زۆر.

☐ ڕاستە.
☐ هەڵەیە.

چ - بەڕێز میولەر و خاتو پفیستەر لە هەردونامەکەدا ئاماژە بە ئەنجامەکانی هەمان توێژینەوەدەکەن.

☐ ڕاستە.
☐ هەڵەیە.

ح - زاناکان لە بارەی کاریگەرییەکانی خواردنەوەی شیرەوە هاوڕان.

☐ ڕاستە.
☐ هەڵەیە.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٦ـ بەلای تۆوە ناوەڕۆکی کام لە نامەکنی ڕاهێنانی ٤ زیاتر جێگای باوەڕن؟ بە زارەکی ڕونی بکەرەوە بۆچی.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٧ چاوێك بەم خشتەیەدا بخشێنەو وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.

نیکۆ تەمەنی ١٥ساڵە و لە پۆلی ٩ یە. چوارشەممان دوای نیوەڕوانەکەی لە چێشتخانەیەك کاردەکات. لەکاتی بێ کاریدا حەزی لە یاری تۆی پێیە. ئەمەی لای خوارەوە خشتەی هەفتانەی وانەکانیەتی.

| کات | دوشەممە | سێ شەممە | چوارشەممە | پێنجشەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧،٤٥ ـ ٩،١٥ | ز ب ٢ | ز ب ١ | بیر | ز ب ٢ | ز ب ١ |
| ٩،١٥ ـ ٩،٤٥ | پشو | پشو | پشو | پشو | پشو |
| ٩،٤٥ ـ ١١،١٥ | بیر | جیۆ | زان | زان | مێژ |
| ١١،١٥ ـ ١٢،٠٠ | بیر | جیۆ | ز و ئە | ز و ئە | SPL |
| ١٢،٠٠ ـ ١٣،٣٠ | پشوی نیوەڕۆ | پشوی نیوەڕۆ | پشوی نیوەڕۆ | پشوی نیوەڕۆ | پشوی نیوەڕۆ |
| ١٣،٣٠ ـ ١٥،٠٠ | ز ب ١ | مێژ | ز ب ١ | ز و ئە | وەر |
| ١٥،٠٠ ـ ١٥،٣٠ | پشو | پشو | پشو | پشو | پشو |
| ١٥،٣٠ ـ ١٧،٠٠ | ز و ئە | وەر | | بیر | موز |
| ١٧،٠٠ ـ ١٨،٠٠ | | | کارکردن | | |
| ١٨،٠٠ ـ ١٩،٠٠ | | | کارکردن | | |
| ١٩،٠٠ ـ ٢٠،٠٠ | تۆپی پێ | | کارکردن | تۆپی پێ | |
| ٢٠،٠٠ ـ ٢١،٠٠ | تۆپی پێ | | کارکردن | تۆپی پێ | |
| ٢١،٠٠ ـ ٢٢،٠٠ | | | کارکردن | | |

واتای کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| ز ب ١ | زمانی بێگانەی یەکەم (ئینگلیزی) |
| ز ب ٢ | زمانی بێگانەی دووهەم (فەڕەنسی) |
| جیۆ | جوگرافی |
| مێژ | مێژوو |
| بیر | بیرکاری |
| موز | موزیك |
| زان | زانیاری |
| ز و ئە | زمان و ئەدەب |
| وەر | وەرزش |

پرسیارەکان:

١ـ نیکۆ لە هەفتەیەکدا چەند وانەی بیرکاری هەیە؟

وەڵام: ______________________________

٢ـ نیکۆ چ وانەیەکی تەنها یەك جار لە هەفتەیەکدا هەیە؟

وەڵام: ______________________________

٣ـ چ وانەیەکی نیکۆ قەت ناکەوێتە پێش پشو نیوەڕوانەوە؟

وەڵام: ______________________________



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٨ ـ دارِشتنێك بنوسە دەربارەی ئەو ڕێنوماییانەی کە دەبێت مناڵانی ناو خێزانەکەتان پەیڕەوی بکەن و لێیان لا نەدەن ( بۆ نمونە ئایا منداڵان بۆیان هەیە خۆیان بڕیاربدەن کەی دەبێ بچن بۆ نوستن. دارِشتنەکە مەرجە وەڵامی ئەم  پرسیارانە بگرێتە خۆی:

آ ـ ئەو ڕێنوماییانە چین کە پەیڕەوکردنیان مەرجن بۆ مناڵانی خێزانەکەتان؟
ب ـ کام لەو ڕێنوماییانە بەلاتەوە پەسەندە و کامیان نا پەسەندە؟ ڕونی بکەرەوە بۆچی؟

| |
|---|
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter